# هەناسەکان.........(1)

عەلی نارێنی



1

هەوڵدەدەم

ئەو جادەیە ترپە بە ترپەو..

هەنگاو بە هەنگاو بپێوم

تا ئەگەر هاتی بزانم

بە چەند ترپەو..

بە چەند هەنگاو

دەگەیتە لام

2

جوانترین ژن

ئەو ژنەیە کە دەبارێتە سەرماو..

تەڕم دەکات

تا دڵۆپ..دڵۆپ لە پەنجەکانمەوە

شیعر دەتکێ

3

وتی:

جوانترین کێڵگەی گوڵەگەنم

لە سەر سنگی تۆ رواوە

وتم:

شیرینترین شەکرەسێوی

**هەر دارستانێکی دنیا**
**لە سەر سنگی تۆ گەییون**

4

**ئەزانم**
**وەکو پشکۆیەکی سوتێنەری**
**بەلاّم خۆشەویستی**
**رێگای پیّ گرتوومەتە بەرو..**
**بەرەولات دێم**

5

**کە یەکەمجارو..**
**لە یەکەم ژوواندا و..**
**یەکەم ماچت دامیّ**
**گوێم لێی بوو**
**گەلاّیەك بە دارستانەکەی وت**
**سالّی خۆشی بەرێوەیە**

6

**کەس وەکو من**
**نازانیّ تۆ چەندە جوانی**
**چونکە کەس**
**لە چاوی منەوە تۆ نابینیّ**

7

**روو ئەکەمە هەر لایەك**

ئاوەدانەو..
دەنگی ژنم دێتە گوێ
چەند چۆڵن ئەو جێگایانەی
دەنگی مۆسیقایان ناگاتێ

8

لە گەل خەیاڵدا ئەڕۆم
تا ئەو خاڵەی کە پێویستە رابوەستم
عیشقی تۆ سووتانێکی خۆشە
لەوەتەی خۆشمئەوێی
هەمیشە بێدارم
هەمیشە مەستم

alinarini@yahoo.com